
کورتەچیرۆک و تابلۆ

# یەك یەکسانە بە سفر

مەهاباد قەرەداغی



ئێستا دەروونت وەک خاکەساری کوانووی ماڵە قەرەجێکە، سارد و سڕ. دەرگاکانت خڕ کردووە و ناتەوێ ئەمشەو کەسی تر ببینی. ئەو جگەرەیەی کە لە نێوانی پەنجەکانتدایە، دەمێکە هاودەمێکی وەفادارتە و لەگەڵ دوکەڵەکەیدا حەسرەتێکی نهێنی هەڵدەکێشی. دوکەڵەکە لە بۆشایدا دیمەنی گشت ئازارەکانی ڕابردووت پیشان دەدات. ئەو ڕابردووەی کە بەردەوام لەگەڵتدایە و ڕانابووری. ئەو ڕابردووەی کە ئێستا و دوارۆژیشتی داگیرکردووە. سەرنجت تێکەڵ بە دوکەڵەکە دەبێت و ئەویش بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ڕادەی باڵای ونبوون و ئیتر نایبینی. ئەو دوکەڵە چی لێهات؟ بۆ وون بوو؟ خۆ تۆ هەستت دەکرد ئەو دوکەڵە تۆی! کەواتە تۆش بونێکی دوکەڵئاساییت و وون دەبی، یان هەر ئێستاش ونیت و بوونێکی هەستپێنەکراوی. خۆ بەوە نییە بیر دەکەیتەوە و جەستەیەکت هەیە و بۆشاییەکت پڕ کردۆتەوە، ئەوان ناتخەنە ناو ئەژماری مرۆڤەوە، باوەڕت بە هیچ یەکێ لەو

وتانە نەماوە کە سەردەمانێ بە دەم خەویشەوە دەتگووتەوە: من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم.

جارێکیان توند یەخەی دایکت گرت و ڕاتوەشاند و هاوارت کرد: من هەم یان نیم؟! جگە لە دیمەنی ڕیزێ فرمێسکی ڕوون هیچت نەبینی. تۆ توانای خوێندنەوەی ئەو فرمێسکانەت هەبوو، بەڵگەنامەی ڕاستییەکی شاراوە بوون، وەک هەریەکێ لەو ڕاستییانەی بەم ڕۆژگارە لەناو تەمی درۆ و گوماندا دەخنکێن، ڕۆژگار ڕۆژگاری ئاوەژووبوونەوەی ڕاستییەکانە.

هەموو دەرگاکانیان بە ڕووتدا داخست، تەنانەت کەس نەیدەویست ئەو دایکەت بە کارەکاریش ڕابگرێت، دەترسان لەوەی ماڵەکەیان گڵاو بکات. کە منداڵ بووی سەیری دەستە ناسک و نەرمەکانی دایکت دەکرد و پێت دەگووت: دایە خۆ دەستی تۆ زۆر پاکە، بۆچی کەس ناهێڵێ لە ماڵیاندا کار بکەیت؟ هەستت دەکرد ئەو پرسیارانەت خوێیە و دەڕژێتە سەر سەرتاپا برینی و ئازارێکی کوشندەی دەدات و، وەڵامێکی نییە بۆ تۆی ئازیزی. ئەو تۆی خۆش دەویست و جگە لە تۆ کەسی تری شک نەدەبرد، دەیویست هەرچۆنێ بێت خوێندنت پێ تەواو بکات و چارەنووسی تۆش ڕێڕەوی ڕووباری چارەنووسی ئەو نەگرێ.

یەکەم ڕۆژ کە چوویتە قوتابخانە، دوو کچی دراوسێتان کە هاوپۆلت بوون لێیان پرسیت: تۆ باوکت کێیە؟ ئەو پرسیارەی کە بەقەد پرسیاری: تۆ کێی گرنگ بوو بە لای ئەوانەوە و مامۆستاکانیشت. گرنگ ئەوە بوو باوکت کێیە نەک خۆت کێیت، لای ئەوان خۆت گرنگ نەبووی.

هاتیتەوە پرسیاری ئەم کەسە گرنگەت لە دایکت کرد: دایە کێ باوکی منە؟ کوانێ باوکم؟ وەک هەموو جارێ پێی گووتی: مردووە.

پێدەچوو هەموو کەس بزانن کە باوکی تۆ نە مردووە و نە زیندوو، نە دیارە و نە نادیار، نە هەیە و نە نییە، هەموو کەس جگە لە خۆت، تەنانەت منداڵەکانی گەڕەک و قوتابخانەش ئەوەیان دەزانی.

لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا هەموویان یارییان دەکرد و تۆیان لە بازنەی گەمە و خۆشییەکانی خۆیان دەردەکرد. تۆ لە دوورەوە دەوەستایت و حەسرەتت بۆ یاریکردن و گەمە خۆشەکانیان هەڵدەکێشا، کە نزیک دەکەوتیتەوە دوور دەکەوتنەوە، دەتگووت دوو جەمسەری لەیەکچووی موگناتیسن. تۆ لەوان دەچوویت و نەدەچوویت، دیووی دەرەوەت وەک هەر یەکێک لەوان وابوو، دیووی ناوەوەت لە کەسیان نەدەچوو. تەنیایی و گۆشەگیری پڕی کردبووی لە پرسیار، بەو

ڕۆژگاره له ناخی منداڵانه‌ی تۆدا پرسیار په‌نگی ده‌خوارده‌وه و له کتێبدا بۆ وه‌ڵامه‌کانیان ده‌گه‌ڕای. دایکت بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ستی ته‌نیایت بڕه‌وێنێته‌وه کتێبی بۆ ده‌کڕیت، چیرۆکی منداڵانه و پاشتر کتێبی تر، تا بووی به هۆگری کتێب و ئه‌وانیش به نزیکترین هاوه‌ڵت. تۆ ژیر بووی، هه‌موو ساڵێک به یه‌که‌م ده‌رده‌چووی، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ڕووی خۆش و سۆزی پاراوی هیچ مامۆستایه‌کت نه‌دی. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که نمره‌ی باشترین قوتابیت هه‌بوو، هه‌میشه خۆت به سه‌رنه‌که‌وتوو ده‌هاته به‌رچاو، به‌ڵام دایکت کوڵێ شادمان ده‌بوو، له خۆشییاندا ده‌گریا.

که یه‌که‌م جار هه‌ستت کرد ئه‌و پیاوانه‌ی به شه‌و دێنه ماڵه‌که‌تان خاڵ و مام و که‌سی ئێوه نین و ته‌نها کڕیاری چێژی جه‌سته‌ی دایکتن، هێنده گریای، هێنده گریای تا دوافرمێسکت داچۆڕا و، واتده‌زانی جۆگه‌له‌ی فرمێسکت بۆ هه‌تاهه‌تایه وشکی کرد. دایکت له تۆ توندتر ده‌گریا و ده‌یپرسی: ئه‌ی چی بکه‌م؟ هه‌موو ده‌رگاکانیان به ڕوومدا داخست، ته‌نها ئه‌م ڕێگه‌یان له به‌رده‌ممدا ئاوه‌ڵا هێشته‌وه؟ من چیبکه‌م که کۆمه‌ڵگه هه‌ر ئه‌م کاره‌م ده‌داتێ! من ئاماده‌بووم ئاوده‌ستخانه‌کانیشیان بۆ پاک بکه‌مه‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌شیان پێ ڕه‌وا نه‌بینم، به گڵاوم ده‌زانن! قیژاندت به سه‌ریدا و پرسیاره هه‌ره گرنگه‌که‌ت ڕووبه‌ڕووی کرده‌وه: بۆ ؟ بۆ به گڵاوت ده‌زانن؟ چیت کردووه؟

به ده‌م قوڵپی گریانه‌وه داستانی خۆشه‌ویستی نێوان خۆی و باوکتی بۆ گێڕایته‌وه. ئه‌وینێکی دره‌وشاوه‌ی بێگه‌رد، ئه‌وینێکی تێکه‌ڵ به خاک و ئه‌مه‌کداری بۆ چاره‌نووسی مرۆڤ. له ژووانی ئه‌وجاره‌دا که ده‌بوو باوکت نامه‌یه‌ک بۆ هاوڕێیانی ببات بۆ شاخ، نامه‌یه‌کی گرنگ بگه‌یه‌نێته جێ، هه‌ردووکیان ده‌میان له‌ناو ده‌می یه‌کتر نا و ئه‌و ماچانه په‌یامی چێژی جه‌سته‌یان گه‌یاند و به ئاوێته‌بوونی جه‌سته‌یان کۆتایی هات. باوکت هه‌ر ده‌بووایه بچێت و ئه‌و سه‌فه‌ره بکات، به‌ڵێنی دا دوای هه‌فته‌یه‌ک بێته‌وه و زه‌ماوه‌ند بکه‌ن. به‌ڵام نه‌گه‌ڕایه‌وه، گیرا و له سێداره درا. دوژمن ئه‌وی له سێداره دا و، دۆسته‌کانیش ئێوه. چاره‌نووسی ئه‌و دوژمنه‌کان سڕییانه‌وه و هی تۆ و دایکیشت دۆسته‌کان.

تا ئه‌و ڕۆژه‌ش که یه‌که‌م ڕۆژی مامۆستایه‌تیت بوو له قوتابخانه‌یه‌کی سه‌ره‌تاییدا، واتده‌زانی تۆ که‌سێکی بوونت هه‌یه و ده‌توانی پارێزگاری له‌و بوونه‌ی خۆت بکه‌ی. ده‌تویست بیسه‌لمێنی که تۆ خۆت، که‌سایه‌تی و ناسنامه‌ته و ده‌بێ کۆمه‌ڵ تۆ بناسێ وه‌ک توخمێکی به ئه‌رکی کۆمه‌ڵگه و نه‌وه‌یه‌ک په‌روه‌رده بکه‌ی. یه‌که‌م وانه‌ی ژماره‌ت به پۆلی یه‌کی سه‌ره‌تایی گووته‌وه و فێری ژماره‌ی یه‌کت کردن. حه‌زت

دەکرد هەموویان فێری هاوکێشەی یەکسانی بکەیت، بەڵام فریای وانەی دووەم نەکەوتی و لە پشووی وانەی یەکەمدا بەڕێوەبەر سکاڵای چەندان دایک و باوکی قوتابیانی پیشاندایت، کە قایل نین و نایانەوێ تۆ وانە بە منداڵەکانیان بڵێیتەوە.

وشەی زۆڵ لە گوێتدا دەزرینگایەوە، هیچ وشەیەکت بە قەد ئەو وشەیە زۆر نەبیستبوو، تەنانەت لە وشەی تاوانیش زیاتر، لە وشەکانی ناپاکی، تالان، ساختە و قۆڵبڕینیش زیاتر، ئەوسا زانیت بۆچی دایکت ناچار بوو شیلەی جەستەی تا دوا تنۆک بفرۆشێ، تا بژی و تۆ بژێنێ، تا تۆ پێبگەیەنێ و بتکات بە مامۆستا، بۆ ئەوەی جیاواز بیت لە خۆی. ئەو مرد و تۆ لەبەردەم ئەم زریانەدا ماویتەوەوە، تەنیا و تەنیاتر لە تەنیا.

ئەمشەو گیانت بووەتە پەلەوەرێکی ئاگرین و جەستە بەتاڵەکەت هەراسان دەکات، باوکی یەکێک لەو منداڵانە میوانت بوو کە مامۆستایان بوویت و نەبوویت. یەکێ لەو کەسانەی کە ناچاریان کردیت لەشت بفرۆشی.

تۆ بە کراسە تەنکەکەتەوە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوویت و ئەویش وەک سەگێکی برسی کەوتبووە بەرپێت و دەیلستییەوە، پەنجەی پێکانیشتی ماچ دەکرد و دەلستەوە و لیکاوەکەی گیانتی گلاو دەکرد. ئەو باوکە بەڕێزەی کە نەیدەویست منداڵەکەی فێری نووسین و ژمارە بکەی چوونکە زۆڵیت، ئێستا حەشەرییانە دەتلێسێتەوە.

کە جەستەی ڕووتی ئەوت دەبینی ئێڵنجت دەهاتێ و چاوەکانت دەنووقاند، ئەو بە چاونوقاندنی تۆ زیاتر کڵپەی دەستاند و چالاکتر دەیلستییەوە و لیکەگلادەکانی چالاکتر کاریان دەکرد. حەزی دەکرد چاو بنوقێنی و دیمەنی لاوازی ئەو نەبینی کە کڕنۆشت بۆ دەبا و لەبەردەم جوانی جەستەتدا دادەنوشتێتەوە. کە دەرکت بەو حەزە شاراوەیەی کرد، چاوەکانت کردەوە، تا باش ئەو دانەوین و ڕووخانەی ببینی و تا پیشانی بدەی تۆ لەو بەنرختری.

هەستت کرد هەموو جەستەی لەبەردەم سەرنجتدا دەلەرزێ و ئارەقێکی سارد هەموو جەستەی داگرتووە. چاوەکانت بە بێ تروکاندن بریە چاوی و دەتویست بە سەرنجە پڕ لە مەغزاکانت بیکوژی. چاوەکانی شۆڕکردەوە و خۆی بە لستنەوەی پەنجەکانی پێت خەریک کرد. دەتزانی لستنەوەی ئەمجارەیان تەنیا لەبەر شەرمەزارییە و تەنیا بۆ ڕزگاربوونە لە تیری سەرنجەکانت. چاوەکانی لەبەشی خوارەوەی جەستەت بڕیبوو و بەرزی نەدەکردنەوە، هێندەت زانی کاری پیاوانەی

www.kurdistannet.org
27-1-2003 2:32

خۆی لەگەڵ جەستەی سڕبووت ئەنجام داوە و ڕۆیشتووە. لە جێگاکەشی هەندێ پارەت بینی، بەشی نان و ئاو و ئەم جگەرە تاڵانەی دەکردا!

ئەو مژە تاڵ و ژاڵانەی جگەرە یەک لە دوای یەکەکانی نێوان پەنجەکانت ڕۆژگاری قوتابخانەت بیردەخەنەوە، فێریان کردبووی کە یەک یەکسانە بە یەک، مامۆستا دەیان جار لەسەر تەختەی ڕەش بۆی نووسیبووی یەک یەکسانە بە یەک، وەکو گومانی هەبێ لەو هاوکێشەیە کە زیاتر لە پێویست دووبارەی دەکردەوە. بەلاَم تۆ هەستت دەکرد ئەو هاوکێشەیە لاسەنگە، چونکە هەستت نەدەکرد تۆ یەکێکی یەکسانی بە یەکێکی تر، چونکە لە سەرنجەکانی ئەواندا دەتبینی بە یەکسانت نازانن لەگەڵ خۆیاندا، ئەوان تویان بە هیچ دەزانی، بە سفر.

گومانەکەت لە ناهاوسەنگی ئەو هاوکێشەیە ئەو ڕۆژە بوو بە یەقین، کە مامۆستا بۆ ڕاڤەکردنی هاوکێشەکە تۆ و شەونمی پێکەوە ڕاوەستاند و وتی بڕوانن: شەونم یەک کەسە، پەیامیش یەک کەسە، کەواتە شەونم یەکسانە بە پەیام، یەک یەکسانە بە یەک. شەونم دەستی بە گریان کرد و هاواری کرد. . نا. . من یەکسان نیم بە پەیام، من حەلاڵزادەم و ئەو زۆڵە! مامۆستا داوای لێبووردی لە شەونم کرد کە مەبەستی ئەوە نەبووە، بەڵێ لە دوای ئەوەوە ئیدی بۆ ڕاڤەکردنی ئەو هاوکێشەیە کەس تۆی بە نموونە نەدەهێنایەوە! کەوابێ تۆ یەکسان نەبووی بە هیچ کەسێکی تر. کەوابێ یەک یەکسان نییە بە یەک! لەو ڕۆژەوە باوەڕت بەو هاوکێشەیە لەق بوو، گومانت دەکرد لەوەی یەک یەکسان بێ بە یەک، لەو ڕۆژەوە ئیتر کە مامۆستا باسی ئەو هاوکێشەیەی کردبا واتدەزانی درۆیەکی زل دەکات.

زۆر جاریش بیرت دەکردەوە ئاخۆ یەک یەکسان بێ بە چەند؟ ئاخۆ چەند زۆڵی وەک تۆ یەکسان دەبوو حەلاڵزادەیەک. هەر لەم ڕۆژانەدا وەلامی ئەم پرسیارەشت دەستکەوت، ئەو شەوەی مێردەکەی شەونم لە دەرگای دایت و بە دیمەنی فرمێسکەکانی پڕ بووی لە بەزەیی و بە سۆزەوە سەریت لە سەر ڕانت دانا و بە دەستەکانت فرمێسکەکانیت سڕی و، ئەویش یاری بە پرچە ڕەشەکەت دەکرد. وەک بیەوێ قەرەبووی ئەو بێسۆزییەی شەونم بە سۆزی تۆ بداتەوە. یەکەم جار بوو هەست بکەی پەنجەکانت بە دڵەوە بەر جەستەی پیاوێک دەکەوێ، یەکەم جار بوو بێز لە پەیوەندی نەکەیتەوە و هەست بکەی خۆت دەتەوێ و بەسەرتدا نەسەپێنراوە. ئەو چاوی لە چاوت بڕی و گوتی: بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی دڵسۆزی! سەیرت پێهات کەسێکی تریش بێجگە لە خۆت بزانێ تۆ مرۆڤی، یان کەسێ هەبێ لەو

کۆمەڵگەیەدا بە لەشفرۆشێک بڵێ مرۆڤ! بە تایبەتی کرِیارەکان، کە بەرِێوەبەرەکانی کۆمەڵگەن.

ئەو شەوە گشت زووخاوەکانی بۆ هەڵرِشتی، شەونم ژیانی لێ تاڵ کردبوو، وای لێ کردبوو ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە. پیاوێ بوو تەنها لەبەر ئامۆزایەتی شەونمی بەسەردا سەپێنرابوو، ئەوەی کە لە ئارادا نەبوو لە نێوانیاندا خۆشەویستی بوو. پێش ئەوەی بڕوات دەستی بە گیرفانە بەتاڵەکانیدا گێرِا و گووتی: بە داخەوە، هیچم پێ نییە، شەونم هەموو ئێوارەیەک گیرفانەکانم بەتاڵ دەکات و دوا مۆدێلی کراس و پێڵاوی پێ دەکرِێ، ئاهەنگی بێمانای بۆ هاورِێ بێباک و بیرنەکەرەوەکانی پێ ساز دەکات. ئاخ بریا شەونم بوونی نەبووایە لە ژیانمادا، دەزانی چی؟ ئەو سفرە سفرە، بەڵێ سفرا!

میلی کاتژمێری بیرەوەریت گەرِاندیتیەوە بۆ سەردەمی قوتابخانە و لای هاوکێشەکە، کاتێکی زۆر تێپەرِیبوو بەسەر ئەو پرسیارەی کە لە مێشکتدا دەخولایەوە، ئاخۆ یەک یەکسان بێ بە چەند؟ ئەو شەوە بە سانایی وەڵامەکەت دەست کەوت، بەڵێ، ئەو شەوە زانیت یەک یەکسانە بە سفرا!

...

١-٤-١٩٩٤

شینسکاتابێری

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی برِوا بوونمان بە ئازادی دەربرِینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رِێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رِێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣